## چارەنووس مەكەن بە قوربانی حاڵەت!!... دلێر محمود سابیر

ئەوەی لە كوردستان هەیەو كاری پێ ئەكرێ حاڵەتێكی پڕ لە مەینەتی و ناهەمواری و ژەمە خۆراكی ڕۆژانەی ژیانی میللەتە كە بێ شەرم و حەیا و بێ پەردە پۆش كردن ئەنجام ئەدرێ لە دزی و تالآنی و گەندەڵی و سوو خواردن و بەرتیل دان و تەزویر وووو، ، ، هتد ئەمانە هەمووی پێ ی دەوترێ (حاڵەت) كە بە دەست و هێزو توانای جەماوەر ڕۆژێ هەر ئەبنە تەوژمێكی بە گوڕ و گشتی ڕائەماڵێ و كۆتایی بەو دیاردە دزێوانە ئەهێنرێ و شتیش نیە تاسەر هەر بلوێ و لێ پرسینەوەی لێ نەكرێ، ئەوەشی كە میللەت بە ئاوات و خواستو داخوازیەكانیەتی مەسەلەی چارەنووسە كە بۆ هەتا هەتایە ژیانی نەتەوەكەی مسۆگەر بكات و لە ژێر دەستی و حاڵەتی مل كەچی ڕژێمی عێراق و بە پێی دەستووری تازە خۆی بناسێ لەو دەوڵەتەی كە پیاوە گەورەكانی بە زۆر ملی كوردیان بۆ جارێكی تر پێوە لكاندەوە. ئەبێ ئێمە تەماشای حەڵەت بكەین بە هەل و مەرجێكی كاتی و قابیل بێ بە گۆڕان ئەویش بە یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی بەرەو سندووقەكانی دەنگدان ڕێ بكەین تا بتوانین خۆمان لە تەنگەژەی ژێر دەستی عەرەبی سوننەو شیعەی عێراق كە هەمیشە خولیای ئەوە بوون ئێمەی كورد عەبدایەتیان بكەین و ئەوان خاوەنمان بن و بمان چەوسێننەوە دەربازبین، ئەوەش كاتێ بە دەست دێ كە ژمارەی دەنگ زۆر لەوە زیاتر بێت كە نەبینە مایەی هەڕەشەی ئەوان، ئەوسا كە بووینە خاوەنی دەنگی بەرز گۆی خۆمان لەو باوەڕەدا بن كە هەموو حاڵەتە نەزۆك و پڕ لە شوورەییەكانی ناو ئیدارەی كوردستان ئەكەونە بەر شەقی ڕق و كینەو تۆڵەی شەقامی كوردستان، ئەوسا پیاوم ئەوێت بوێرێ بە گەندەڵی یەوە سنگ دەرپەڕێنێ. جا بۆیە پێویستە ئێمە بۆ ڕۆژێك پێكەنین دەیان ساڵ قوڕ نەپێوین چونكە ئەوڕۆژەی كە دەنگمان ئەدەین بۆ چارەنووس و لە ئاستی پێویستدا ئەبین، ئەوسا بۆمان هەیە بە دەسەڵاتدارانی كورد بڵێین ئێمە تا ئێرە بەسە!! دەنگمان بە چارەنووسی كورد داوە نەك بە ئێوە!!، یان ئەم حاڵەتە ئەبێ نەمێنێ یان چارەنوسمان موڵكی كوردەو ئێوە با نەمێنن!! ئێمە ئەگەر لە بەر هەر هۆیەك بێ دڵ گران بین و دەنگی خۆمان نەدەین بەو پاشە ڕۆژە ئەوسا نە ویژدانمان سەبووری دێ نە جارێكی تر ئەو هەلەمان بۆ ئەرەخسێ بچینەوە بەر دەمی تاقی كردنەوەیەكی مێژوویی تر، بە تایبەتی كە ئەمە یەكەم جارە دەستوورێكی هەمیشەیی نوسراوەتەوە بۆ عێراق، بۆیە وا پێویست ئەكات چاو پۆشی لە هەموو حاڵەتێكی كاتی وەك ئەوەی كە باوە لە كوردستان بپۆشین و بڕوانینە ئایندەی پرشنگدارتری كوردستان و ئەم هەلە مێژوویە بە فیڕۆ نەدەین، و چارەنووسمان نەكەینە قوربانی حاڵەت!!وە بتوانین بە چاوی عەقڵ بڕوانینە ئایندەكەمان نەك ڕق و كینە و بێز كردنەوە لەو پاشەڵ و دەست و مەبەست و چاو پیسیەی هەیە ڕێگەما لێ بگرێ نەتوانین مەبەستەكەمان بپێكین!! دەست لە دەست و بە ئیرادەی گەلێكی لە ڕادە بەدەر چەوساوە با هەموومان ئەو تەوقە لە گەردنمان بكەینەوە كە لە ژێر ناوی دیموكراسیدا بە سەرماندا سەپێنراوە، ئەوس كەس نەتوانێ بێ گوێیی لە گەل ئیرادەی گەلدا بكات!!؟؟؟